# وتەیەك لەبەردەم حەزرەتی مردن



عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

لەدەرەوەی بەسەرهاتەکانم
خەمێکم نەبوو بمهێنێتە گۆ
چاوێکم نەبوو بۆ بینین و
ماچێکشم شك نەدەبرد بۆ ئاوڕشێن کردنی هەوەسەکانی دڵ
لەدەرەوەی داستانەکانم
بەهارێکم نەدەبینی بۆ گەشت و سەیران و
سێبەری دارێکی دڵنەواییم پێنەدەزانی
بۆ پشووەکانی تەمەنم
لەدەرەوەی مردن هیوایەکم شك نەدەبرد بۆ ژیان
خۆزگەیەکم نەدەناسی بێجگە لە مەرگ
من ئیتر نە کەس شوێن پێم هەڵدەگرێ و
نە لێپرسینەوەشم لەگەڵدا دەکرێ بۆ دواکەوتنی نیو سەعاتم لە قوتابخانە
نە جانتاکەم دەپشکنرێ و
نە دەفتەرەکانم پەڕە پەڕە دەکرێن
من ئیتر هیچ کوڕێك پێم ناڵێ جوانی و خۆشم ئەوێی
هیچ لاوێك نامەی دڵداریم بۆ نانوسێ و
هیچ گەنجێك نایەتە خوازبێنیم و
هیچ دایکێکیش فرمێسکی دڵسۆزانەم بۆ هەڵناڕێژێ
من ئیتر هیچ مامۆستایەك تەعلیقم لێنادات و

هیچ بەڕێوەبەرێکیش نانێرێت بەشوێن باوکما
من ئیتر هیچ دەستە خوشکێك تەلەفونم بۆ ناکات و
هیچ هاوپۆلێکیش ئێرەییم پێ نابات
من ئیتر تەماشای هیچ زنجیرە تەمسیلی و
هیچ فلیمێکی خۆشەویستیش ناکەم و
ئیتر هیچ شەوێك خەون بە دڵدارەکەمەوە نابینم و
لە وێستگەی هیچ پاسێکدا ڕاناوەستم
ناچمە هیچ پارکێك و
هیچ شانۆگەرییەك بەسەر ناکەمەوە
هیچ کتێبێك ناخوێنمەوە و
لەدەفتەری یادەوەریم هیچ نانوسم و
گوێ لە هیچ گۆرانییەك ناگرم و
بە هیچ نوکتەیەکیش پێناکەنم
مێوانداری کەس ناکەم و
کەسیش نابێتە مێوانم
ناچمە پرسەی هیچ کەسێك و
ژوان لەگەڵ کەس نابەستم
لەمڕۆ بەدواش تاکو ئەبەد بە هیچ ترسێك ڕاناچڵەکێم.

2006- 06-02

ڤانکوڤەر /کەنەدا